بەشی بایۆلۆجی : کارامەیی ئەکادیمییەکان / م٢
گفتوگۆی ئەکادیمی

## بەشی یەکەم: هەندێ بابەتی تیۆری

### لە بارەی زاراوەی ( گفتوگۆی زانستی )یەوە

لێرەدا لە هەردوو ڕووی وشەیی و زاراوەییەوە لەو چەمکە دەکۆڵینەوە، ئەویش بەو شێوەیەی خوارەوە:

### یەك: ( گفتوگۆی زانستی ) لە ڕووی وشەییەوە

گفتوگۆی زانستی وشەیەکی لێکدراوە، پێکهاتووە لە (گفتوگۆ) و (زانست).. ئەوانیش هەریەکەو واتایەکیان هەیەو پێکەوە گونجاون.. ئەوەتا:

(گفتوگۆ) لە چاوگی (گفتن)ی فارسی وەرگیراوە، (گفت) دەمی ڕابردوو و (گۆ) دەمی ڕانەبردوویەتی، بە واتا: تۆ گوتت و من دەیڵێم.. کە ئەمە واتا: ئاخاوتن، یان: گۆڕینەوەی بیروڕا.

هەرچی وشەی (زانستی)یە، ئەویش: ناوی واتاییە، پێکهاتووە لە (زانست) + (ی)ی پاشگری ناوی واتایی، پێکەوە ناوێکی واتایی بەرهەم دێنن، واتە: هەر باس و بابەتێك کە دەچێتەوە سەر زانست.. (زانست)یش واتە ئەو بیرە ئەنجام ڕوونەی، لە ڕاستییەوە هەڵقوڵاوەو خزمەتێك پێشکەش دەکات.

### دوو: ( گفتوگۆی زانستی ) لە ڕووی زاراوەییەوە

لەم ڕووەوە گفتوگۆی زانستی، واتە: قسەکردن و قسەبیستن بەو مەرجەی هەردوو لایەنی پرۆسەی ئەنجامدانی قسە (قسەکەر و قسەبۆکراو) لەسەر بنەمای زانستی بیروڕاکانیان لەگەڵ یەك بگۆڕنەوەو خۆیان لە زانیاری و بیری بێ بنەماو خوڕافی بپارێزن.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

## گفتوگۆ بۆچی؟

١- بۆ ئەوەی لەگەڵ خەڵکی تێکبگەین و لێك دڵنیا بین.

٢- بۆ ئەوەی ئەو بەها ژیارییانەی لامانە خەڵکیش لێی سوودمەند بێت.

٣- بۆ ئەوەی ئەو زانست و شتە باشەی بەرامبەر پێیەتی بگاتە ئێمەش و لێیان بێبەش نەبین.

٤- بۆ ئەوەی ژیان بەرەوپێش بچێت و هەموو لایەك ئاستی ئەقڵی و ژیارییان بەرز بێت.

## بۆچی گفتوگۆکە زانستی بێ؟

١- بۆ ئەوەی قسەی بێ بنەما نەبێ و بە بنەمای زانستی بەهێز پشت ئەستوور بێت.

٢- بۆ ئەوەی ڕێگە کورتبکەینەوەو بەرامبەر زوو دان بنێت بە ڕاستییەکان، چونکە هەر شتێك زانستیانە بێ، ئەقڵ پەسندیەتی و لاساری لێ ناکات؟

## مەبەست لە بەڵگەی زانستی چییە؟

١- مەبەست ئەو بەڵگانەیە، کە پێوەرە زانستییەکان پەسندییانە، جا بەڵگەکە لە دەقەکانی ئاینەوە وەرگیرا بێ، کە ئەمە بەهێزترین بەڵگەیە بۆ ئیمانداران.. یانیش لە زانستە جۆراوجۆرەکانی وەکو بایۆلۆجی و کیمیا و فیزیاو پزیشکی و فەلەکناسی و زانستە مرۆییەکانی وەکو دەروونناسی و کۆمەڵناسی و... وەرگیرابێ.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner